# شارەکەی خۆم

ئەحمەد دەشتی



دەبێ کەی بێ سروەبێ بێ
هەڵم بگرێ و
بمباتەوە شارەکەی خۆم
لەم غوربەتە ڕزگار بم و بگەڕێمەوە
بۆ ناو زێدو هەواری خۆم
خۆشەویستم وەلاتەکەم
تۆم خۆش دەوێ و بۆت پەرۆشم
لێرە هەردەم لە دووری تۆ
پڕ لە خەم و دل نەخۆشم
ئاواتی من نیشتمانە دلگیرەکەم
ئەشقی تۆبوو منی هێنا ئەم غوربەتە
لەتاوتۆبوو ئەمن کەوتمەئەم زیللەتە
بۆیەش تەنیا وێنەی جوانی و
تۆپەرستی لە پایتەختی دلی برینم
بۆ هەمیشە ناسرێتەوە
دەروون پڕی حەزی تۆمە
لەڕوئیاکان تەنیائەتۆ وەدی دەکەم
کوردستانی ئارەزووی من
جگە لە تۆ چیترم نیە
تەنیا بۆ تۆ دل لێ دەدەم
هەر لە ڕێی تۆش قوربانیم و
هەموو ژین و گیانم دەدەم
ڕقم لێرە ڕقم لێرە
تۆم خۆش دەوێ تۆم خۆش دەوێ
ئەوێ بۆمن شادی ژینی پڕلەخێرە
ئەوێ بۆمن چارەسەری
جەفاو خەم و ژانی برینە
تەنیا خاکی وەلاتی خۆت
جێیی سەربەرزیی و بوونی ژینە
شەوێ نیەخەوبەخاکی خۆم نەبینم
ڕۆژێ نیە ئەسرین لە چاو نەوەرێنم
هەر بە هیوام کە بچمەوە
دارو بەردو گلی خاکم بوسمەوە
نەفرین دەکەم لەغوربەت ودەربەدەری
لەم ژیانە پر کەسەرەو کوێرەوەر

*